بۆ بەڕێزان کارمەندان و وێنە گران و لێپرسراوانی کوردسات :

دەستان خۆش بێت بۆ بەرنامەکانتان ، بەڵام تکایە دوبارە تکایە بەسە زوڕنالێ دان و گۆرانی وتن.
بەسە ئیتر گۆرانی بەزۆر سەپێنراو و مۆسیقای بێ پێز . بڕۆن وێنەیەکی گۆڕەبەکۆمەڵەکان و زیندانی نوگرەسەلمانمان بۆ بگرن وپیشانمانی بدەن .
بۆچی ڕەخنە لە میدیای عەرەبی ئەگرن و ئەڵێن باس لە مەینەتیەکانی عێراقیەکان ناکات ؟.
تکو ئێستا ئێوە هیچتان پیشان داوە تاکو گلەیی لەوان بکرێت ؟!
سەردانێك بۆ دۆزەخ ی کوردستانی نوێ ژمارە 3131 چوارشەممە 2003/7/30 لاپەرە 2 دا باسی سەردانێك کراوە بۆ نوگرەسەلمان ، بەڵام یەك دانە ، بەڵێ یەك تاقە وێنەشی لەگەڵدا دانەنراوە،ئەمە بەڵگەی ئەوەیە ، کەئەوبرادەرانە هەروا بۆ سەردان چوون بەرەو خوارو بۆ بێ تاقەتیش سەرێکیان لە نوگرەسەلمان داوە ، ئەگینا قەت شتی واتان دیوە باس لە کارەساتێکی وها گەورە بکرێت و وێنەیەکی سەردانەکەو ئەو زیندانە ببورن ئەودۆزەخەی تیادا پیشان نەدرێ کە هەزارەها منالی کوردی بێکەسیان تیادا دەرخواردی سەگەهارەکان داوە
ئاخ کوردی هەژار!!!؟؟
ئەرێ گەلی کوردو خەڵکینە مەعنای تیایە بەدەستی خالی بچیت بۆ شوێنێکی ئاوها . بەڵێ لە کوردستان نە کامێرا دەست دەکەوێ نە تەلەفزیۆنیش هەیە نەکەنالی ئاسمانی ، بەڵێ بەڵێ کامێرا ئەوە هەر مەمنوعە و بڤەیە.

تێبینی:
ئەگەر وێنەتان گرتووە تکایە بۆمان ڕوون **مەکەنەوە** چونکە تامی نەما.

ئاسۆ عەلی